# حیزب سەلامەت بێ.. کورد دەوڵەتی ناوێ !

## حکومەتێك توانای پەیداکردنی بتڵێ غازو لیترێ بەنزینی نەبێ

## بێگومان توانای بەدەستهێنانی دەوڵەتیشی نابێ.

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

دۆخێك  کە ئەمرۆ گەلی کوردی تێکەوتووە دۆخێکە بە هیچ دەوڵەتێکی نەخوێندەوارو مۆبۆکراسی و هەژار ناچوێنرێت، ئەم دۆخە لە یەك کاتدا پێمان ئەڵێت کورد سەرگەردانەو سەرگەردانیش نییە، خاوەن سەروەریەو هیچ سەروەریەکیشی نییە، خاوەن حکومەتەو حکومەتۆکەشی نییە، خاوەن یاساودادگایەو هەمانکات پاشاگەردانترین کۆمیونیتییە؟! لە جێی حکومەت ئاشێکی خستۆتەگەر کەس نازانێت ئەم ئاشە سیاسیە کێ ئەیگێرێت، ژیانکردن بریتیە لە جۆرێك لە دۆزەخ و سادەترین مامەڵەو کرین و فرۆشتن و دەستدان لە شتومەك بۆتە یەکپارچە لە قەیران و ناکۆکی و ئاپۆرەی خەڵکی، کە قەیرانیش ئاسایی بوو لای خەڵکی چەقۆکێش و سەرکردەی بازرگان ئەخولقێ و ئیتر خەڵك نە حکومەت و نە دەوڵەتی ناوێت و لێرەشدا ئەوەی ئەمرێت بەهای بەرزی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی گشتی و مرۆڤدۆستی کۆمەڵگایەو ئەوەی لەدایکیش ئەبێت بزوتنەوەی مافیایی و جەردەیی دەسەڵاتدارانە، ئەو بزوتنەوەیەی کە لە هەناوی حیزبەکان و بە پاڵپشتی پیاوە ناودارو ناسراوەکان دروست ئەبێ و ئەجوڵێ، ئاخر حکومەتێ توانای پەیداکردنی بتڵێ غازودەبەیەك بەنزینی نەبێ بێگومان توانای بەدەستهێنانی دەوڵەتیشی نابێت، دواجار شوناسی خۆشی لەدەست ئەدات و ناچارە خۆی تەسلیم بە نەژادو نەتەوەی مەرکەزو زۆرینە بکات تا نەفەوتێ و وەك ئەو گوتارەی ئێستای کورد.

بەبۆچوونی خۆم کورد ئێستا کە بەتەواوەتی ئەوەتا لە ناو خانەی عەرەبداو کوردستانی لە بیر خۆی بردۆتەوە نە بیر لە دەوڵەت ئەکاتەوە نەهەوڵیش بۆ مۆبیلیزەکردنی دەوڵەت ئەدات لە شێوە مۆدێرنەکەیدا، ئەوەی کە هەوڵی بۆ ئەدات تەنها قایمکردنی ئەو پێکهاتە حیزبی و خێزانییەیە کە شەری مان و نەمانی لەسەر ئەکات و بێئاگاشە لە قەیران و ژانەکانی خەڵکی، تا ئەو ئاستەی بەرپرس لەسەر دزی و گەندەڵی ئەبینرێت دەرناکرێت و دادگایی ناکرێت بەڵکو راژەکەی ئەگوازنەوە بۆ پێگەیەکی بەرزترو وەزارەتێکی باشتر، وەزیر لە حکومەتی هەرێم لەسەر گەندەڵی و دزی دەرکراوە و عاجز کراوە کەچی لە بەغدا ئاشت کراوەتەوەو پشی پشی بۆ کراوەو کراوەتەوە بە بەرپرس، ئەمەیە بەدبەختی دونیای کوردی، حکومەتە دەستەوسانەکانی کورد کە دێنە سەر باسکردنی کۆمەڵی مەدەنی ودیموکراسی و دروستکردنی نەتەوەی گەورەو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و فیستیفاڵ سازکردن و هێنانی میوان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان  وەك بڵێی هیچیان نەهێشتبێتەوە تەنها راگەیاندنی دەوڵەت نەبێت، کەچی هەر ئەم خەیاڵدانە حکومیە لە ئاست سادەترین گەندەڵیدا وێرانەو گەل دووچاری قەیران ئەکەنەوە، مۆدێلی ئازاردانی ئێستای حکومەتی کوردی مۆدێلی راوراوێن و سەرەگرتن و شانشانێن و پاڵپاڵێنە بۆ بەنزین و غازو نەوت و نان و خواردن (بەرپرسێك لەکاتی پرۆسەی دەنگدانە گشتیەکەدا گوتبووی ئەگەر سەرە نەگرن بۆ دەنگدان ئاوا سەرەتان پێئەگرین بۆ بەنزین) ئەوەیە خەونی خزمەت و خەونی بەدەوڵەتبوون!!

لەبەر ئەوە کورد تا ئێستا ماکی دەوڵەتی نییەو ناشی بێت، باشە بۆچی کورد شایەنی دەوڵەت نییە و خوازیاری نییە؟ وەڵامەکەی ئاسانە کە کورد سیستمی بەرخۆری و حازربەدەستانەی ئەوێت؟ ئایا ئەمە هەمان ئەو خەونە نییە کە ئاغاو دەرەبەگەکان هەیان بوو بۆ دیوەخان گەرمکردن و پاڵدانەوەو قسەی زلکردن و چەوساندنەوەی هەژاروجوتیارو وەرزێرەکان؟ ئایا ئەوانیش هەموو حەزەکانیان بریتی نەبوو لە دەست بەسەراگرتنی باخ و باخات و دێم و دۆنم و سەرانە سەندن و خاك داگیرکردن و بەکۆیلەکردن؟ ئەی ئێستاش وانییە لای بەرپرسانی ئەمرۆ؟ کە ئەوترێت کورد خێڵەکیە راستەو پێویست ناکات زویربین، چونکە ئەو دەمارە بەرخۆری و خەیاڵە ساردەمان بۆ بەرێوەبردن هەمان ئەو سیستمە فیودالی و کۆمپرادۆرەی جارانەو نەگۆراوە، یان دەوڵەتی کوردی کەی ئەوەندە قورسە وا لای سەرکردایەتی سیاسی کوردی بۆتە موعجیزە؟ ئەوەندەی بەحرەین و جیبۆتی و سۆماڵ و کەنەفترین دەوڵەتیشمان پێناکرێت؟

بەڵام گەورەترین ناراستی و درۆ بەرانبەر بەخۆمان و گەل و نەتەوەکەشمان کە هەمیشە ئەیبیستین ئەوەیە کە هەوڵ بۆ دەوڵەتی کوردی ئەدەین و کەچی بۆمان نایەتە دی، من ئەپرسم کاتێ سەرکردایەتی سیاسی سەپێنراوی کوردی لە پایتەختی گەورەترین دەوڵەتی شۆڤێنی دژ بەکورد پاڵی لێداپاوەتەوەو خەریکی موجامەلەو تەوافوق و رازیکردنی دڵی ئەم و ئەوە چۆن دەوڵەت چێ ئەبێ؟ کاتێ وەزیری کوردی لە بەغا خەریکی بۆن و ریبات و قات وسەیارەو کۆمپانیاکەیەتی و ئەبێتە بازرگانی ماڵەکەی خۆی و خەیاڵی تەنها لای ئایندەی خۆیەتی دەوڵەت چ مانایەکی ئەمێنێ؟

لەکاتێکدا تائێستا نەمانتوانیوە سادەترین ئاڵۆزی زمانەوانی بهێنینەوە باری راست و تاکە هۆشیارییەکمان نییە لە راگەیاندنەکانماندا ئیدی باسی دەوڵەت وەهم نییە؟ ئەتوانم بڵێم لەروی فەرهەنگی یەوە بەتایبەتی زاراوە یاسایی و زاراوە دەوڵەتی و زانستی و

فەرمانگەییەکان تەواو وێرانین تا ئاستی وێرانە، بەعس هەر بەتەنها کردەی بەعەرەبکردنی گوندو ئەنفالی گوندەکانی نەکردین بگرە هاتە هۆشمان و دەستی برد بۆ یادەوەری مامەڵەی رۆژانەی فەرمانگەکانیشمان و لە ماڵەکانمانی ئەنوسی (رقم الدار) و تائێستاش ماڵ هەیە هەر ئەڵێت (دارللبیع) چێشتخانە هەیە هەر ئەنوسیٚ (جناح خاص و خبز حار) هەر کە ئەچینە فەرمانگەکانی خانو بەرەو زەوی و زارو شارەوانی و باج و دەرامەت، ئەوەی بەر گوێمان ئەکەوێت و سەرنجمان ئەدزێت ئەو ووشەو زاراوە عەرەبیە ناخۆشانەن و تا ئێستاش هەموو شتەکان هەر عەرەبین، ئەمە جگە لەوەی ئەبێت ئەوە بزانین کە بەعس و حکومەتە شۆڤێنیەکانی رابوردو تەمەنی سیاسی خۆیان بە پرۆسەیەکەوە بەسەر برد کە بەپرۆسەی بەعەرەبکردن ناسرا لە سەر هەموو ئاستەکان تەنانەت دابەزاندنی ئەم پرۆسەیە بۆ نێو دام و دەزگا و فەرمانگەکان بە شێوە شاقوڵیەکەی، بەتایبەت نوسراوە رەسمیەکانی بانك و خانوبەرەو دادوەری، بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا نەمانبیستووەو نایکەین راستکردنەوەو پاککردنەوەی زمانەکەمانە لە ووشە عەرەبیەکان و ناشمانەوێت ئەم هەنگاوە هەڵگرین چونکە بۆنی دەوڵەت و حکومەتی لێوەدێت و ئەمەش سەرەتای دەوڵەتدارییە و ئیشی کوردیش نییە دیارە؟! ئەی باشە ناکرێت ئێستا بپرسین حکومەت کاری چییە؟ ئاخر ناکرێت ئێمە بانگەشەی رەسەنایەتی زمانی کوردی و بەرەسمیەت ناسینی زمانەکەمان بکەین لە سەر ئاستی هەموو عێراق و کەچی سادەترین ووشەمان نەگۆڕیبێت کە ( تەسبیت حودودو سورەت قەیدو عەقارو سولفەو خەریتەو تەملیك و وەسڵ وجنسیەوعوتڵەودەوائیر، یان کار بەزمانی کوردی نەکەین، دەست و پەنجە نەرمکردن و زاخاودانی گوێی ئەم نەوە تازەیە بەو زاراوانە خزمەت بە هەمان ئەو کولتورە شۆڤێنیە ئەکات کە هەمو تەمەنی خۆی بەکارهێنا بۆ پاکتاوی نەژادو فەرهەنگی کوردی بە گۆڕینی ناوی سەر شەقام و دوکان و منداڵەکانیشمانەوە، بۆیە گرنگە حکومەتی هەرێم ئەگەر حکومەتداری ئەکات و راست ئەکات دەبیٚ لەم نا هۆشیاریە بە ئاگا بێت و لە رێگەی دامەزراوە بەرپرس و پەیوەندارەکانەوە هەڵمەتێك بکات بۆ دارشتنەوەو پاکژکردنەوەی ئەو وشەو زاراوانە لە ناوەندە رەسمیەکاندا تا هیچ نەبێت هەنگاوێك پاشەکشە بکەین بە سیاسەتی بەعەرەبکردن و هاوڵاتیانیش رابهێنرێن لەسەر بەکارهێنانە کوردیەکەی ئەو زاراوانە، وەبەرپرسانی کوردیش لە بەغدا نابیٚ ئیدی ئەوەندە شەرم بیانگرێت لە لێدوانەکانیان بە زمانی کوردی چونکە ئێمە خاوەنی هەرێمی فیدراڵین و بەدڵنیاییەوە لێدوانی کوردی زۆر باشترە لەو عەرەبیە شەق و شرەی کەهەندێك قسەی پێئەکەن و لێدوان و شیکردنەوە ئەکەن و دڵی کەسی پیٚ خۆش ناکەن، بەدڵنیایەوە راستکردنەوەو بەکوردیکردنەوەی ئەو زاراوانە بەشێکە لە هەوڵ وکردەی هۆشیاری گشتی نیشتیمانی و ئاسایشی زمانەوانی تا ئەو رادەیەی بتوانین پێش ئەوەی کە باس لە دەوڵەتی کوردی بکەین باسی زمان و زاراوەکانمان بکەین و بەکوردی بدوێین و بنوسین و قسە بکەین، بەداخەوە ئەو هەموو رۆژنامە عەرەبیە لە هەولێرو سلێمانی هەیە تاکە رۆژنامەو تەنانەت ووشەیەکی کوردی لە بەغدا لەنێو هەزاران رۆژنامەی ئەوێدا نابینیت بە کوردستانی نویٚ و خەباتیشەوە کە خۆیان بە پاڵەوانی گوتاری سیاسی کوردی ئەزانن؟! چونکە ئەگەر ئێمە ئامادە سازی نەکەین بۆ فەرهەنگە زمانەوانیەکەمان ئەوا ناتوانین لە ئایندەی نزیدا دەستوپەنجە نەرم بکەین لەگەڵ کۆی پێکهاتەو سیما دەوڵەتیەکاندا، وە ئەگەر ئێمە ئەوەندە لاوازو شەرمن بین بەرانبەر بەکارهێنانی زمان و رۆژنامە کوردیەکانی خۆمان ئەوا شەرمیشە باس لەدەوڵەتی کوردی بکەین، کەواتە هەر ئێوە راست ئەکەن سەرانی کورد کە هەموو هەوڵ و تەقەللاتان بۆ سەرامەتی حیزب و بنەماڵەکەتانە؟!